# وتەبێژی یەکێتی:پێویستە بایکۆت کۆتایی پێبهێندرێت،و ئەوەی لە خوێندن بەبەشبووە تێنیا چینی هەژارانن

وتەبێژی یەکێتی، ئاماژە بەوەدەکات، پێویستە بایکۆت کۆتایی پێبهێندرێت، چونکە ئەوەی لە خوێندن بەبەشبووە تێنیا چینی هەژارانن و ئەوانەی توانایان هەیە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەخوێنن.

ئەمە دووشەممە,سەعدی پیرە، وتەبێژی یەکێتی، لەمیانەی کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لەگەڵ بایکۆتی مامۆستایان نین، ئەگەر مووچە دواشکەوت کاری بە دەکرێت بە ئەوەی زوو بنەردرێت، بەڵام ساڵێکی خوێندن بەوات دواتر قەرەبوو ناکرێتەوە.

وتەبێژی یەکێتی، ئاماژەی بەوەدا، راگرتنی خوێندن وا دەکات ساڵی داهاتوو رێژەی قوتابییان لە قۆناغەکان و پۆلەکان ببێتە دووهێندە، ئەو کاتە کار دەکاتە سەر خوێندنگەکان و شوێنی ئەو هەموو قوتابییانە نابێتەوە.

سەعدی پیرە، راشیگەیاند، پرسی بایتکردنی خوێندن بە سیاسی کراوە، بۆیە پێویستە بایکۆت کۆتایی پێبهێندرێت.

ناوبراو وتیشی: ئەوەی لە خوێندن بەبەشبووە تەنیا چینی هەژارانن و ئەوانەی توانایان هەیە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەخوێنن.